# مەسەلەی ویژدان.. یەکەمین هەنگاوی ڕۆمانی کوردی

سەنگەر زراری

## سەرەتا

بەر لە هەموو شتێک، دەبێ ئەوە ڕوون بێت کە ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیە لەبارەی ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەدموختار جاف. واتا ئەگەر لەم بابەتەدا باس لە ژیاننامە و سەردەم و شیعرەکانی ئەحمەدموختار جاف بکرێت، بۆ ئەوە نییە لە کۆی کارەکانی ئەو شاعیرە، یان لە ژیاننامەی بکۆڵینەوە، بەقەدەر ئەوەی دەمانەوێ لەم ڕوانگەیەوە باسی ئەو سەردەم و ڕووداوانە بکەین، کە (مەسەلەی ویژدان)یان تێدا نووسراوە، کەواتە خوێنەر دەبێ ئەوەی لا ڕوون بێت کە چەقی بابەتەکە (مەسەلەی ویژدان)ـە، نەک ئەحمەدموختار جاف، یان شیعرەکانی.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە، ئێمە لێرەدا وەک ڕۆمان مامەڵە لەگەڵ (مەسەلەی ویژدان) دەکەین، نەک وەک چیرۆک، زیاتریش وەک یەکەم ڕۆمانی کوردی، ئەگەرچی ڕۆمانەکە زۆر درەنگ چاپ کرا و بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٧٠) لە لایەن دکتۆر ئیحسان فوئادەوە ساغ کرایەوە و چاپ کرا، بەڵام لە نێوان ساڵانی (١٩٢٧-١٩٢٨)دا نووسراوە، دیارە ئەگەر ئەم کتێبە لە کاتی خۆیدا چاپ کرابا، دەبووە یەکەم ڕۆمانی کوردی بە نووسین و چاپکردن و بڵاوکردنەوەوە، بەڵام ئێستا ڕۆمانی (شڤانێ کورمانجا) لە نووسینی (عەرەبی شامیلۆڤ) کە لە ساڵی (١٩٣٦)، لە ئەرمەنستان بڵاوکراوەتەوە، بە یەکەم ڕۆمانی چاپکراوی کوردی هەژمار دەکرێت و (مەسەلەی ویژدان)یش بە یەکەم ڕۆمانی نووسراو دادەنرێت، هەروەها لەم بابەتەدا ئەو بۆچوون و مشتومڕانەش دەخەینەڕوو کە لەبارەی (مەسەلەی ویژدان) هەن سەبارەت بەوەی ئایا ڕۆمانە، یان چیرۆک؟!

## ژیاننامەی ئەحمەدموختار جاف

ناوی ئەحمەدی کوڕی وەسمان پاشای گەورەی جافە و دایکیشی (عادیلە خانم)ـە، جگە لە باوکی، دایکیشی کەسێکی بە دەسەڵات بووە و دوای مردنی وەسمان پاشا، بووەتە قایمقامی هەڵەبجە و ئافرەتێکی خانەدان و بەدەسەڵاتی ناوچەکە بووە.

- ئەحمەدموختار لە ساڵی (١٨٩٨) لە هەڵەبجە لەدایک بووە.
- ئەحمەدموختار ناوێکی لێکدراو بووە و (ئەحمەدموختار) بە یەکەوە یەک ناوە نەک دوو. بە پێچەوانەی ئەوەی کە زۆربەی شاعیرانی پێش ئەو و سەردەمی ئەو، نازناویان بۆ خۆیان دیاری دەکرد،



ئەحمەدموختار جاف

ئەحمەدموختار شیعر و بەرهەمەکانی هەر بە ناوی خۆی بڵاوکردووەتەوە.

– لە منداڵییەوە مەشقی سوارچاکی و تفەنگچییەتی کردووە، حەزیشی لە ڕاووشکار بووە.

لەبارەی خوێندنەکەیەوە، عەلائەدین سەجادی دەڵێت: "کە ورد ئەبیتەوە لەم خوێندنەی ئەحمەدموختار، تەماشا ئەکەی شتێکی وای نەخوێندووە، لەگەڵ ئەوەش تاپۆیەکی زیرەکی بووە، زمانی فارسی، عەرەبی و تورکی زانیوە، تۆزە تۆزەیەکیش لە ئینگلیزی، تەنانەت لە فارسیدا گەلێ شیعری هەیە".

بەڵام دکتۆر مارف خەزنەدار پێی وایە خوێندنەکەی باش بووە و مامۆستای تایبەتیشی بۆ گیراوە. ئەو دەڵێت "لە منداڵییەوە لە قوتابخانەی میری، یان حوجرەی مزگەوت فێری خوێندن و نووسین بووە، بەهۆی دەوڵەمەندی و دەسەڵاتدارییانەوە مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە".

– لە تەمەنی بیست ساڵیدا ژنی هێناوە.

– لە ساڵی (١٩٢٢) کراوەتە قایمقامی هەڵەبجە.

– لە ساڵی (١٩٢٣) لە لایەن شێخ مەحموودەوە خراوەتە بەندیخانە.

– لە ساڵی (١٩٢٤) لە دەورەی یەکەمی پەرلەمانی ئێراق، بووەتە ئەندام و بووەتە نوێنەری سلێمانی لەم پەرلەمانە.

– لە شوباتی ساڵی (١٩٣٥) کاتێک ویستوویەتی بە کەڵەک لە (زێ)ی سیروان بپەڕێتەوە، لە لایەن کەسانی نەناسراو کوژراوە و لە گوندی "عەبابەیلێ"ی نزیکی هەڵەبجە بە خاک سپێردراوە.

لەبارەی سیما و شێوەیەوە، شاکر فەتاح کە خۆی بینیویەتی، دەڵێت: "پیاوێکی کەڵەگەت بوو، بەخۆوە بوو، جوانترین زەردەخەنەی هەبوو کە لە هەڵەبجەدا دیبووم".

– ئەحمەدموختار و تایەر بەگی برای، بە دوو شاعیری گەورەی کورد دەژمێردرێن.

– ئەحمەدموختار بەگ لەبەرئەوەی لە بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار و بەناوبانگی جافە، تێکەڵی ڕامیاری و کاروباری دەوڵەتیش بووە. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسایەتییەکی خۆشەویست و خێرومەند بووە. (١)

## ئەحمەدموختار، لە نێوان شێخ مەحمود و حکوومەتی ئێراقیدا

بەگوێرەی چیرۆک و شیعرەکانی، ئەحمەدموختار وادەردەکەوێ کەسێکی نەتەوەپەروەر و خەباتگێڕ و هاوسۆزی میللەتەکەی بووە، لایەنگری هەژاران بووە و حەزی لە دادپەروەری و کاری خێر بووە، هەرچەندە کەسێکی بەگزادە و دەسەڵاتداری ناوچەکەی خۆی بووە، بەڵام سەرەتا لەسەروبەندی خەباتی شێخ مەحموودی حەفید، وازی لە گشت سامان و پلەوپایە فەرمی و کۆمەڵایەتییەکانی هێناوە و چووەتە پاڵ شۆڕشەکەی شێخ مەحموود، لەو پێناوەشدا تووشی گەلێک گرفت و نەهامەتی هاتووە.

دوای شکست هێنانی یەکەم جاری شێخ مەحموود لە ساڵی (١٩١٩) و داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن ئینگلیزەوە، کراوە بە قایمقامی هەڵەبجە. کە بۆ جاری دووەم شێخ گەڕاوەتەوە سلێمانی لە ساڵی (١٩٢٢)، ئەمیش یەکێک بووە لەوانەی لەگەڵ دەستەی بەگزادانی جافدا بە پیرییەوە چووە و خۆشنوودی نیشان داوە، ئینجا کە حکوومەت پێکهێنراوە، وەزارەتی شەرع و عەدل بە بێ وەزیر هێڵراوەتەوە، ئەم بە موەقەت کراوە بە وەکیلی ڕەئیسی شەرع و عەدل، واتا وەکیلی وەزارەت، یان وەزیر بە وەکالەت، بەڵام وادیارە دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، شێخ مەحموود گرتوویەتی و حەبسی کردووە، چونکە

(مەعرووف) ناوێک، دوای ئەو بووە بە وەکیل و دوای ئەوەش بە مانگێک، ئەحمەدموختار جاف شیعرێکی لە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)دا، بڵاوکردووەتەوە و شیعرەکە نامەیەکە بۆ شێخ مەحموود بە ناوونیشانی (ئەوسا قائیمقام و ئێستا مەحبووس- ئەحمەدموختار)".(٢) بەمەش دەردەکەوێ کە ئەحمەدموختار لەلایەن شێخ مەحموودەوە بەندکراوە و داوا دەکات ئازاد بکرێت.

عەشیرەتی جاف، وەک پشدەر و هەمەوەند و زۆر عەشیرەتی تری کورد، تەنانەت (سادات)ی خۆشیان دوو بەرە بوون، ئەگەر بەپێی باری عەشیرەتی بووایە، دەبوو ئەحمەدموختار لەبەرەی دوژمنەکانی شێخ بووایە، بەڵام دیارە ئەو مەردە هۆشیارە، لەو تەمەن و سەردەمەشدا بیری نیشتمانیی زۆر لەلایەنی عەشیرەتگەرییەکەی بەتینتر بووە، لەبەرئەوە لەگەڵ شێخدا بووە، لەناو ئەو بەگزادانەی جافدا بووە کە هاتوون بۆ پیرۆزبایی شێخ، کە شێخ ڕووی کردۆتە شاخ ئەم لەگەڵیدا ڕۆیشتووە".(٣)

ئەو کاتەی لە شاخ بوونە، لەساڵی (١٩٢٣)، ئەحمەدموختار بە هۆکارێکی ناڕوون، لەلایەن شێخەوە دەستگیر دەکرێت، دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ ئاماژە بەوە دەکات کە سەردانی ئەو شوێنەی کردووە لە گوندی جاسەنە، کە کاتی خۆی شێخ مەحموود، ئەحمەدموختار جافی تێدا بەند کردووە و شوێنەکەی بینیوە.(٤)

وەک گوتمان لە کاتی بەندییەکەیدا، ئەحمەدموختار جاف، شیعرێک بە ناوونیشانی (ئەوسا قائیمقام و ئێستا مەحبووس) بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان دەنێرێ و ئاراستەی شێخی دەکات کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**کە جورمێکی نییە تاکەی لە حەبسا دانیشێ قوربان**
**لە تەنهایی لە فیکری چۆتەوە ئادابی ئینسانی**
**ئەگەر داوای کەفیلی لێ ئەفەرمووی یاخود**
**موڵک تەئمین ئەکا سەدجار، بە ئایین و بە ئیمانی(٥)**

ئەم شیعرە نامەیەکی کراوەیە، ئەحمەدموختار بۆ شێخ مەحموودی نووسیوە، مارف خەزنەدار لەبارەی ئەم شیعرەوە دەنووسێت: "لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا ئەوە دەردەکەوێ شاعیر بە فەرمانی شێخ مەحموود، خرابێتە بەندیخانەوە. ئەم گیرانەی شاعیر لەسەر چی بووە؟! ئایا هەڵوێستێکی سیاسی وا لە نێوان ئەو و شێخ بووە، لەڕووی بوەستێ، ئەویش ناچار بێ بیخاتە بەندیخانەوە، لەوەدا گومان نییە کاری وا لە شێخ ڕووی داوە، جێی ڕەخنەگرتن بێ لێی، دیارە گومانیش لە بیری کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری ئەحمەدموختاردا نەبووە، کەچی دوور نییە، ئەحمەدموختار وەک یەکێک لە سەردارانی عەشیرەتی جاف، هەڵوێستی خۆی هەبووبێ بەرانبەر شێخ مەحموود، ئەویش خۆی بە گەورە زانیبێ. ئەمە و خۆ ئاگاداری ئەوەین، هەندێ دەوڵەمەند و بازرگان و ئاغالەری ناو شاری سلێمانی دژی شێخ مەحموود بوون، جگە لە دۆستانی ئینگلیز و جلخوارە تورکچییە تۆرانییەکان و هەندێ لە سۆفییانی تەریقەتی نەقشبەندی. لەم ماوەیەدا ئەم شیعرە جوانە، ئەم موناجاتە لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە پڕ لە سۆزە، وەک توحفەیەک تەماشا دەکرێ، موناجاتێکە، ئەحمەدموختار لەگەڵ شێخ مەحموودی دەکا و داواکارە بە چاوی دڵسۆزییەوە تەماشای بکا و لێی ببوورێ. لە ئەنجامیشدا کە شیعرەکە دەگاتە دەستی شێخ و دەیخوێنێتەوە لە بەند ئازادی دەکا".(٦)

دیارە هەر تەنیا ئەحمەدموختار نا، بەڵکو ژمارەیەک کەسایەتی و ڕۆشنبیر و عەشیرەتی دیکەش نێوانیان لەگەڵ شێخ مەحموود خۆش نەبووە، بۆ نموونە (جەمیل سائیب)یش کە خاوەنی یەکەم چیرۆکی کوردییە بە ناوی (لە خەوما)، لە چیرۆکەکەیدا ڕەخنە لە دەسەڵاتداریێتی شێخ مەحموود دەگرێت و لەلایەن شێخ مەحموودەوە دەستگیر دەکرێت.

ئەگەر لە دێڕی دووەمی ئەو شیعرە وردبینەوە کە ئەحمەدموختار جاف بۆ شێخ مەحموودی نووسیوە، ئەوە دەبینین کە ئەحمەدموختار، ڕاستە شوێن و عەشیرەتەکەی خۆی جێ هێشتووە و بەگەڵ شێخ کەوتووە، بەڵام هێشتا وەک کەسێکی خانەدان و بەگزادە خاوەنی پێگە و کەسایەتی خۆیەتی، ئەو لەم دێڕەدا دەڵێت:

**ئەگەر داوای کەفیلی لێ ئەفەرمووی یاخود**
**موڵک تەئمین ئەکا سەدجار، بە ئایین و بە ئیمانی**

ئەحمەدموختار بە شێخ مەحموود دەڵێت شێخ داوای چ بکات لە بەرانبەر ئازادکردنی ئامادەیە بیدات، چ کەفیل و چ موڵک و ماڵ، ئەمەش پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و عەشیرەتی و دەوڵەمەندی ئەو دەردەخات و

نیشانەی ئەوەیە کە ئەحمەدموختار کەسێکی ئاسایی نەبووە چوویێتە پاڵ شێخ مەحموود، بەڵکو کەسایەتییەکی دیار و دەوڵەمەندی ناوچەکە بووە و بۆ پلەوپایەش نەچووە.

لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەحمەدموختار جاف نێوانی لەگەڵ شێخ مەحموود خۆش نەبووە، یان تێکچووە، بۆیەش "دوای تێکشکانی دووەم جاری شێخ مەحموود و سەرلەنوێ داگیرکردنەوەی سلێمانی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە (١٩٢٣)، ئەحمەدموختار کراوەتەوە بە قایمقامی هەڵەبجە و دواییش بووە بە نائیبێکی پەرلەمانە بەناوبانگەکەی نووری سەعید.(٧)

ڕۆژنامەی ژیان، لە ژمارە (٢٨)ی ڕۆژی (٢٦)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٢٥)، ناوی ئەو مەبعووس (ئەندام)انەی بڵاوکردووەتەوە کە لە دەورەی یەکەمی مەجلیسی نواب (پەرلەمان)ی ئێراق بە ئەندام هەڵبژێردراون، یەکێک لەوانەش ئەحمەدموختار جافە کە بە بەدەستهێنانی (١١٠) ڕەئی (دەنگ) بووەتە مەبعووس.(٨)

بەڵام دواتر و پاش هەشت مانگ، لەناو ئەندامەکان، تەنیا ئەحمەدموختار بەگ دەست لەکار دەکێشێتەوە و دەست لەکارکێشانەوەکەی لە ژمارە (٣)ی ڕۆژی (٤)ی شوباتی ساڵی (١٩٢٦)ی ڕۆژنامەی ژیان بەم شێوەیە بڵاودەکرێتەوە: "ئیعلان.. بەپێی تەلغرافێکی بێتەل کە لە وەزارەتی جەلیلیەی داخلییەوە، بۆ مەقامی موتەسەڕیفی هاتووە، ئەحمەدموختار بەگ لە مەبعوسیی ئیستیعفای کردووە و ئوسوڵەن لەجیاتی مومائیلەیهی مەبعوسێکی تر ئینتیخاب بکرێت. بینائەن عەلەیهی هەر کەسێ تاڵیبە بۆ مەبعوسیی لە تاریخی ئینتیشاری ئەم ئیعلانەوە لە غەزەتەی ژیاندا، تا دوو هەفتە نامزەدی خۆی ئیعلان بکا.. دائیرەی بەلەدیەی سلێمانی".(٩)

هەرچەندە هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی ئەحمەدموختار جاف ڕوون نەکراوەتەوە، بەڵام بە بۆچوونی من بەهۆی کەمتەرخەمی ئەندامەکان بووە و دەست لەکارکێشانەوەکەشی لەجێی خۆیدا بووە، ئەوەتا لە کۆتاییەکانی تەواوبوونی ئەم دەورەیەی پەرلەمان و لە ساڵی (١٩٢٨) ڕۆژنامەی (ژیان) ڕەخنە لە ئەندامەکان دەگرێت و دەنووسێت: "موقابیل بەم وەزیفە موهیمەیەتان و لە حاڵێکدا کە ئەزانن میللەتەکەتان ئەمەندە دواکەوتووە و ئەبێ فەوقەلحەد سەعی بۆ بکرێت، کەچی مەعەلئەسەف هەتاکو ئێستا نە لە مەجلیسدا و نە لە خاریجەوە بە نەشریات و تەشەبووسات کەس خدمەتێکی لە ئێوە نەدی و فەعالییەتێکتان نەنواند و تەئمینی یەکێ لە مەقاسیدانی میللەتتان نەکرد".(١٠)

هەروەها دوای تەواوبوونی دەورەی یەکەم و هەڵبژاردنی دەورەی دووەم، هەر ڕۆژنامەی ژیان ژمارە (١١٥) لە (٢٤)ی مایسی (١٩٢٨) ڕەخنە لە مەبعووسەکانی دەورەی یەکەم (ئەو دەورەیەی ئەحمەدموختار تێیدا دەستی لەکار کێشایەوە) دەگرێت و دەنووسێت: "لەمەولا ئومێدی قەویمان بە مەبعوسەکانمانە: لە ئیجتیماعی دەورەی پێشوودا، بە ئەکسەریەت میللەت لە وەکیلەکانی ڕازی نەبوو و هیچ ئومێدێکی فەعالییەتیان لێ نەئەکرد، فەقەت ئەم ئینتیخابە لە هەموو جێگایەکا با خسووس لە ئەلویە و قەزاکانی کوردستاندا بە سوورەتێکی باش نەتیجەی هات. ئەوانەی کە میللەت ئارەزووی ئەکردن، ئەکسەرییەتیان ئیحراز کرد و بوون بە وەکیلی میللەت، چونکە هەموویان موجەڕەب، عالم، فازیل، وەتەنپەروەرن، ئومێدی قەویمان پێیانە".(١١)

لە دەورەی دووەم و سێیەمدا، ئەحمەدموختار ناوی نەهاتووە، بەڵام لە دەورەی چوارەمی مەجلیسی نواب کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی (١٩٣٣-١٩٣٤) دیسان ئەحمەدموختار جاف بە مەبعووس هەڵبژێردراوە و ناوی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەنجوومەنەکە لە ڕۆژنامەی ژیان بڵاوکراوەتەوە(١٢)

کاتێک بەرهەمەکانی ئەحمەدموختار جاف دەخوێنینەوە و دەڕوانینە ژیاننامەکەی، هەست بەوە دەکەین کە ئەو کەسە بەهۆی هەلپەرستییەوە، یان ئارەزووی بۆ پلە و دەسەڵات، بەو شێوەیە لە لایەک بەشداری حوکمی شێخ مەحموود و لەلایەکی دیکە بەشداری حوکمی ئینگلیزەکانی نەکردووە، بەڵکو ئەو گەلەکەی خۆی زۆر خۆش ویستووە و هیچ کات ئامادە نەبووە خیانەت لە میللەتەکەی بکات، هەر بۆیەش ئەم سەر و ئەوسەری کردووە، بۆ ئەوەی شوێنێک بدۆزێتەوە و لێیەوە خزمەتی میللەت و خاکەکەی بکات.

**جەژنی قوربان، ساڵی جارێ خەڵکی قوربانی ئەکەن**
**بۆ وەتەن من ڕۆژێ سەد جار ڕوحی خۆم قوربان ئەکەم(١٣)**

زۆریش ڕەخنەی لە ڕۆشنبیر و مونەوەرانی ئەو کات گرتووە کە بەرانبەر میللەتەکەیان خەمسارد و بێ باکن:
**کوانێ خەڵقینە لە کوێن فیرقەی مونەووەر تینەتان**
**چونکە ئەو فیرقە ئەزانن دەرد و ئازاری وەتەن**
**من بە باخ و گوڵستانی جەننەتی ناگۆڕمەوە**
**خاکی ئەو جێگەی کە کوردە نەشتەری خاری وەتەن(١٤)**
یان:
**شاعیرانی کورد! بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن**
**کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن**
**لابدەن کەم باسی سونبول، یا لقی لاولاو بکەن**
**ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسوتاو بکەن**
**زوو بە زوو تا ئیش لە دەس دەرنەچووە، سا هەوڵێ بدەن(١٥)**

لێرەوە هەست بەوە دەکرێت کە ئەو بەدوای بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و خزمەتێکی پاک و بێگەردی گەل و میللەتەکەیدا گەڕاوە، هەر بۆیەش کە ئەمانەی لای شێخ مەحموود نەدیوە، لەگەڵیدا کەوتووەتە کێشە و لەلایەن شێخەوە بەندکراوە و دوای ئازادبوونیشی وازی لە شێخ هێناوە، هەروەها بۆ هەمان مەبەست ئەم جارەیان بووەتە ئەندامی پەرلەمانی ئێراق، بەڵام دوای ماوەیەک وازی لەویش هێناوە، دوای دوو دەورەی تر دیسان گەڕاوەتەوە پەرلەمان.

پێدەچێت هەر ئەو ئەم لا و ئەولاکردنەش بووبێت کە سەری خواردووە، هەر بۆیە کوشتنەکەی نادیارە و لە نێوان دوو لایەنی دژ بە یەک بزر بووە، بۆ نموونە لە لایەک (ڕووناک)ی کچی ئەحمەدموختار جاف دەڵێت: "لەبەرئەوەی دژ بە بڕیارێکی حکوومەتی ئەوکاتەی ئێراق لە پەرلەمان وەستاوەتەوە، حکوومەت بە گێرەشێوێن ناساندوویەتی کە هاتووەتەوە بۆ هەڵەبجە و قسەی لەگەڵ بنەماڵەکەی کردووە، پێیان گوتووە مەچۆرەوە و لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران قسەیان کردووە و ماوەیەک لە ئێران بووە، کە بە نهێنی گەڕاوەتەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵ، لە کاتی ڕۆیشتنەوەدا لە کەناری سیروان تیرۆر کراوە.!"،(١٦) لێرەشەوە باس لەوە دەکرا کە پیاوان و سیخوڕانی حکوومەتی ئێراقی کوشتبێتیان، هەندێ کەسی دیکە باس لە یەکێک لە پیاوانی نزیکی ئەحمەدموختار جاف خۆی دەکەن و هەندی کەس باس لە خزمانی جاف و هەندێ جاریش گومان دەکرێت لە هەندێ لە پیاوانی نزیک لە شێخ مەحموود کە ئەوان کوشتبێتیان، هەرچەندە لەو کاتەدا شێخ دوورخراوە بووە، بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر ئەم شاعیرە خۆشەویستی خاک و نیشتمان وای لێکرد لەگەڵ شێخدا هاوکار بێت، بەڵام شێخ لەبری پاداشت زیندانی کردووە.!(١٧)

بەم جۆرە تیرۆرکردنەکەی ئەحمەدموختار جاف بە نادیاری دەمێنێتەوە و خوێنەکەی بزر دەبێت.

## ڕۆمان و چیرۆکەکانی دیکەی ئەحمەدموختار جاف

ئایا ئەحمەدموختار جگە لە مەسەلەی ویژدان، هیچ چیرۆک و ڕۆمانی دیکەی نووسیوە؟! شاکر فەتاح لە ساڵی (١٩٣٣) گەشتێک بۆ ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامان دەکات، دواتر لە ژێر ناوونیشانی "گەشتی هەڵەبجە و هەورامان" گەشتنامەکەی دەنووسێتەوە، لە بەشێکیدا باسی ئەوە دەکات کە لە هەڵەبجە سەردانی (ماڵی پاشا)(١٨) دەکات و لەوێ ئەحمەدموختار جاف دەبینێت، لە بەشێکی ئەو بینینەدا دەنووسێت: "کە گەڕاینەوە ماڵی پاشا، ئەحمەد بەگ لە دیوەخانەکەیدا دانیشتبوو، زۆر گیان سووک و ڕووخۆشم هاتە پێش چاو، باسی وێژەی کوردیم لەگەڵ کردەوە، لە کۆمەڵە هۆنراوەکانی خۆی گەلێکی بۆ خوێندینەوە، قسەکانی ئاوادار و ناسک بوون، باسی دڵداری و نیشتیمانپەروەرییەکی یەجگار بەهێزی دەکرد، بەڕاستی خۆشخوانییەکانی لە چێشکەدا لە هۆنراوەکانی (تاهیربەگ)ی برای کەمتر نەبوون، ئەحمەد بەگ نیازی هەبوو لە چاپیان بدات، بێجگە لەوە ئەیگوت: چیرۆکێکی کاریگەری قوڕبەسەری کوردم نووسیوەتەوە، نارەسەنی بێگانە پیشان ئەدات، چاوی کورد ئەکاتەوە، ئەیگوت: گوێ نادەمە دڵ و ئارەزووی میری، قسەی سەربەستی ڕاستی خۆم هەر ئەکەم، بەوانەوە نەبێ لە چاپی نادەم، گوتی: شتێکی تریشم بەدەستەوەیە، ڕەنگە ئەم زستانە تەواوی بکەم!".(١٩)

بەگوێرەی ئەو وەسفەی شاکر فەتاح بۆ چیرۆکەکەی دەکات، کە وەک دەڵێت "نارەسەنی بێگانە پیشان ئەدات"، نابێ ئەوەیان باسی چیرۆکی مەسەلەی ویژدان بووبێ، چونکە لە لایەک ئەوەی شاکر فەتاح باسی دەکات ساڵی (١٩٣٣)ـە و مەسەلەی ویژدان ساڵی (١٩٢٧-

١٩٢٨) نووسراوە، کەواتە دەبێ چیرۆکەکە نوێ بێ کە باسی کردووە، لە لایەکی دیکەشەوە ناوەرۆکی مەسەلەی ویژدان و ناوەرۆکی ئەو جیاوازە. هەروەها دیارە چیرۆکی دیکەشی هەبووە، یان لەبەردەستیدا بووە، وەک بۆ ئەوانی باس کردووە. دکتۆر عیزەددین مستەفا بەدواداچوونی بۆ ئەم چیرۆکانە کردووە، بەڵام نەگەیشتووەتە ئەنجام، ئەو دەڵێت "لە ساڵی (١٩٨٤) لەگەڵ (ئەفراسیاب)(٢٠) چووینە هەڵەبجە، سۆراخی ئەم چیرۆکانەشمان کرد، حیلمی شاعیر (محەمەدی شێخ حوسێن) مابوو، کوێر بووبوو، ناوەرۆکی ئەم چیرۆکانەی دەزانی و ناوی ئەنان (ڕۆمان)، بەدڵنیاییەوە ئەیوت دەستنووسیان لای من بووە و ئێستا لای کوڕەکەمە، لەو سەفەرەدا کوڕەکەیمان نەدی، تا ئێستاش سۆراخکردنی من و کاک ئەفراسیاب نەگەیشتە مەبەست".(٢١)

ئەوە دڵنیایی ئەوەمان دەداتێ کە ئەحمەدموختار جاف، هەوڵی زۆری نووسینی ڕۆمان و چیرۆکی هەبووە، بەڵام جگە لە مەسەلەی ویژدان، ئەویش بە درەنگوەخت، ئەوانی دیکە نەگەیشتوونەتە دەست ئێمە.

### مەسەلەی ویژدان، ڕۆمانە، یان چیرۆک؟!

لێکۆڵەرانی ئەدەبی کوردی، یەک دەنگن لەسەر ئەوەی کە (لە خەوما)ی جەمیل سائیب کە دوو سێ ساڵ پێش (مەسەلەی ویژدان) نووسراوە، چیرۆک، یان نۆڤلێتە نەک ڕۆمان و یەکەم چیرۆکی کوردییە، بەڵام لەبارەی (مەسەلەی ویژدان) بۆچوونی جیاوازیان هەیە، خودی ئەحمەدموختار جاف، لە دەستنووسەکەی (مەسەلەی ویژدان)دا، جۆری ڕەگەزی دەقەکەی یەکلا نەکردووەتەوە و نەینووسیوە ڕۆمانە، یان چیرۆک. دکتۆر ئیحسان فوئاد کە ئەم دەقەی ساغ کردووەتەوە و سەرپەرشتی لەچاپدانی کردووە، لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا بە چیرۆکی درێژ (پۆڤسێت)ی دادەنێت و لەسەر بەرگەکەش نووسیویەتی: "مەسەلەی ویژدان، یان چۆن بووم بە خانەدان: چیرۆکێکی کوردییە". هەندێ لێکۆڵەری دیکە پشتگیری بۆچوونەکەی دەکەن لەوانەش: حسەین عارف لە کتێبی (چیرۆکی هونەریی کوردی) و دڵشاد عەلی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە ناوونیشانی (مەسەلەی ویژدان وەک بەرهەمێکی بزووتنەوەی ڕووناکبیری). هەندێکی دیکەیش ئەم دەقەی (مەسەلەی ویژدان) بە کورتە ڕۆمان (نۆڤلێت) دادەنێن، وەک (دکتۆر عەبدوڵڵا دەباغ) لە لێکۆڵینەوە عەرەبییەکەیدا بە ناوونیشانی (نظرة جدیدة علی روایة مسألة الضمیر) و (د. ئیبراهیم قادر) لە نامەی ماستەرەکەیدا (ڕۆمانی کوردی لە ئێراقدا) و دکتۆر عادل گەرمیانی لە ماستەرنامەکەیدا بە ناوونیشانی (ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخدا). دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، ئاماژە بەوە دەکات کە مەسەلەی ویژدان، لەڕووی جۆرەوە، کەرەستەیەکە بۆ نووسینی ڕۆمانێکی درێژ، لە کورتە چیرۆکێکدا کۆکراوەتەوە. نووسەر و ڕەخنەگر، سابیر ڕەشید، ئەم دەقە بە ڕۆمان دەزانێت و دەنووسێت: "یەکەم تۆمارمان ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان)ی (ئەحمەدموختار جاف)ە کە لە ساڵی (١٩٢٧-١٩٢٨) نووسراوە، ئەگەرچی هەندێک لە پسپۆرانی چیرۆکی کوردی، بە چیرۆکی درێژ و نۆڤلێت و ڕۆمانیشی دادەنێن، وەلێ من بە ڕۆمانی دەزانم، چونکە هەموو مەرجەکانی بوونی ڕۆمانی تێدایە.(٢٢)

ڕاستە ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان) کورتە، بەڵام زۆری ڕووداوەکان و جۆراوجۆری بابەتەکانی، وامان لێدەکەن وەک ڕۆمان تەماشای بکەین، بە پێچەوانەی چیرۆکی (لە خەوما) کە چیرۆکێکی کورتترە و ڕووداوەکانیشی کەمن، بەتایبەتیش ئەوە یەکەم ڕۆمانی کوردییە، تەنانەت لەسەر ئاستی جیهانیش، ڕۆمان هێشتا بەرەو ئەوە نەچووبوو قۆناغی سادەیی تێپەڕێنێ و تەکنیکی جۆراوجۆری تێدا بەکار بێت، بۆیە لێرەدا من لەگەڵ بۆچوونەکەی سابیر ڕەشید هاوڕام و وەک ڕۆمان مامەڵە لەگەڵ ئەم دەقە دەکەم و خوێندنەوەکەشەم بۆ دەقەکە، هەر لەسەر ئەو بنچینەیە دەبێت.

### هۆکاری بڵاونەوبوونەوەی ڕۆمانەکە لە کاتی خۆیدا

ئەحمەدموختار جاف کەسێکی دەوڵەمەند و بە دەسەڵات بووە، هەروەها کەسێکی ناسراو بووە، کەواتە نابێ ئەم دوو هۆکارە (لایەنی ماددی) و (نەناسراوی)ی بووبنە ڕێگر لەبەردەم بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەی و پێدەچێت هۆکاری دیکە لە پشت بڵاونەبوونەوەی ڕۆمانەکە بێت لە کاتی خۆیدا، لەوانەش: ، یان ئەوەیە حکوومەت و دەسەڵاتدارانی ئەو کات ڕێگایان نەداوە، چونکە وەک لەبارەی بڵاوبوونەوەی چیرۆکەکانی بە شاکر

فەتاحی گوتووە: "گوێ نادەمە دڵ و ئارەزووی میری، قسەی سەربەستی ڕاستی خۆم هەر ئەکەم، بەوانەوە نەبێ لە چاپی نادەم..". کەواتە دیارە ڕێگری هەبووە و ڕێی تێدەچێت ئەمە هۆکارێک بێت بۆ بڵاونەبوونەوەی، یانیش ئەوەیە بەهۆی ئەوە بووە کە ڕۆشنبیران و نووسەرانی دەوروبەری لەم سەردەمە بە دڵیان نەبووە، وەک دکتۆر ئیحسان فوئاد لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: "دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە ئایا ئەم دەستنووسە وەختی خۆی خوێنەرەوەی بووە و کەوتووەتە دەست کەس؟ بەپێی ئەو سەرنجانەی کە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا نووسراوە، کۆڕێکی تایبەتی خوێندەوارانی ئەوسا، ئەم کارەیان لە شاعیر وەرگرتووە و خوێندوویانەتەوە. بەو سەرنجانەی لە کۆتایی دەستنووسەکەدا دەریان خستووە بۆ شاعیر ئەحمەدموختار جاف، تەنیا لە بەشێکی کەم لە ناوەرۆکەکەی ڕازی بوون. بەلای منەوە ئەمە هۆیەکی گرنگە بۆ لە چاپ نەدانی، سەرەڕای بوونی هۆی تریش". (٢٣)

کەواتە هۆکاری بڵاونەبوونەوەکەی لە کاتی خۆیدا دەشێ یەکێک لەم دوو هۆکارە بێ، یان ڕەخنەگرتن لە حکوومەت و دەسەڵاتداران و ڕێگریکردنی ئەوان لە بڵاوبوونەوەی، یانیش ئەوەی نووسەران و خوێندەوارانی ئەوکات پێیان باش نەبووبێ و ئەویش باوەڕی بەوە هێنابێ کە نووسینەکەی باش نییە و بەوهۆیەوە بڵاوی نەکردبێتەوە، یان دەشێ هەردوو هۆکار بەیەکەوە کاریگەرییان لەسەر بڵاونەبوونەوەی ڕۆمان و چیرۆکەکانی هەبێ.

### پرسی تەواوی و ناتەواوی دەستنووسی ڕۆمانەکە

دکتۆر ئیحسان فوئاد کە ڕۆمانەکەی ساغ کردووەتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر نووسیوە و دواتریش لە کۆتاییدا چەند سەرنجێکی نووسیوە، سەرەتا گومان دەخاتە سەر ئەوەی کە دەستنووسەکە تەواو بێت و دەنووسێت: "کۆتایی چیرۆکەکە، کە بەتەواوی ئاشکرا نەبوو، چونکە بەشێوەیەکە خستمییە بەر ئەو پرسیار و گومانەی کە ئایا چیرۆکەکە زۆرتر نەبووە و هیچی لێ نەفەوتاوە؟ بە تایبەتی کە لێی نەنووسرابوو (تمت)، یان (تەواو بوو)، یان (کۆتایی هات)، جا هەرچەندە دوا لاپەڕەی دەستنووسەکە بە نیوەیی بەجێ هێڵراوە و شێوەی دارشتنی دواڕستەش ئەتوانرێ بێ بە بەڵگەیەک، بەڵام سۆراغکردن و پرسیارکردنم لەم بابەتەوە بە پێویست زانی. بە داخەوە، کەسی وام نەدۆزییەوە کە لەم بابەتەوە زانیارییەکی تەواوی هەبێ، یان لە وەختی خۆیدا ئەم دەستنووسەی بەرچاو کەوتبێ". (٢٤)

بەڵام پاشتر هەر خۆی گومانەکەی دەڕەوێنێتەوە و دەنووسێت: "لە دانیشتنێکی تایبەتیدا سەرەتای پاییزی ئەم ساڵ لە سلێمانی لەگەڵ مامۆستا عەلی کەمال باپیردا، هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری زۆرترم دا دەربارەی ئەو دەستنووسە (لەم دانیشتنەدا مامۆستا ئەحمەد هەردی و مامۆستا مەدهۆش بەشدار بوون) لە بابەت مێژووی نووسینەوەی و ژمارەی لاپەڕەکانی، قسەکانی مامۆستا عەلی کەمال باپیر تێکڕا یەکیان گرتەوە، لەگەڵ ئەوانەی لە باوکمم بیست، هەروەها مامۆستا عەلی کەمال باپیر کە دەستنووسەکەی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە، ئەوەی ڕوون کردەوە، کە چیرۆکەکەی ئەحمەد بەگ هەر ئەوەندەیە و ئەو دوا لاپەڕەیەی کە بە نیوەیی ماوەتەوە، کۆتایی چیرۆکەکەیە و بەمە لە دوودڵی ڕزگاری کردم". (٢٥) کەواتە لێرەدا گومان لەسەر ناتەواوی دەستنووسەکە ناهێڵێتەوە و دەڵێت کە دەستنووسەکە تەواوە و هەر ئەوەندەیە.

بەڵام دواتر هەندێ نووسەر و توێژەری دیکەی ئەدەبی، گومان دەکەن کە ئەم ڕۆمانە بەتەواوی گەیشتبێتە ئێمە، بۆ نموونە، دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، کە دیوانی ئەحمەدموختار جافی ساغ کردووەتەوە، لە پێشەکی دیوانەکەیدا کاتێ باسی (مەسەلەی ویژدان) دەکات، بە دەستنووسێکی ناتەواوی ناو دەبا، (٢٦) بەڵام دکتۆر عیزەددین ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە کە لەسەر چ بنەمایەک پێی وایە ئەم دەستنووسە ناتەواوە؟!

مامۆستا حسەین عارفی نووسەر و چیرۆکنووسیش، بە هەمان شێوە گومانی هەیە کە ئەم دەستنووسە تەواو بێت و پێی وایە کەموکووڕیی تێدایە، ئەو دەنووسێت: "دوادێڕەکانی چیرۆکەکە وەها کۆتایی دێت: "کوڕەکانی عەشیرەتی ئەولا لەگەڵ کچەکاندا، بیستبوویان من لەو ڕۆژانەدا وام لەوێ. بەهەر نەوعێک بۆیان مومکین بووبوو، خۆیان نەجات دابوو، فیرارییان کردبوو، هاتنە لای من. ئەوەڵەن کچێکیان کە زۆر جوان و مەحبووب بوو، پێی وتم: جەنابی ڕەئیس ئەمڕۆ ئێمە زۆر

بەختیارین کە جەنابی عالیتان تەشریفی هاتووە، بۆ ئەم ناوە، چونکە ئومێدمان وایە و بە تەحقیق دەزانین کە حەقی مەزڵووم لە زاڵم دەسێنێ..." جا تکایە سەرنج بدەنە ڕستەی (ئەوەڵەن کچێکیان..) و ئەوسا لە ڕستەکانی دوایی تر وردبینەوە کە بە ئاسانی هەست دەکرێ هێشتا کچەکانی تر و کوڕەکانیش قسەی تریان پێیە بیکەن. جگە لەوەی جەنابی ڕەئیسیش دەبێ زیاتر گوێ بگرێ و قسەی تریان لێ ببیسێ و ئینجا دەبێ گفتێ هەر بدا و مەسەلەکە بە لایەکدا بخا".(٢٧)

ڕاستییەکەی من ئەو هۆکارانەی مامۆستا حسەین عارف باسیان دەکات، بە بەڵگەیان نابینم بۆ تەواوی و ناتەواوی دەستنووسەکە، چونکە دەشێ چیرۆکنووس بە مەبەست ئەمەی کردبێتە دوادێڕ و دواتر ویستبێتی دەرفەت بە خوێنەر بدات بۆ ئەوەی خۆی کۆتایی بە چیرۆکەکە بێنێت، بەتایبەتیش دواڕستە (کە دواتر لە باسی ناوەرۆکی ڕۆمانەکە لێی دەدوێم).

کامەران سوبحان، بەهۆی بەدواداچوونەکانی، ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە ژمارەیەکی زۆری دەستنووسی کوردی کاتی خۆی لە لایەن ئینگلیزەکان بردراون، ئەو لە نووسینێکدا باسی ئەوە دەکات کاتی خۆی (مێجەرسۆن) ڕاوێژکاری بەریتانی، دوای تەواوبوونی کارەکەی، کۆمەڵێکی زۆر وێنە و دەستنووس و کتێبی تری لەگەڵ خۆی بردووە و دەنووسێت: "باس لە هەندێ دۆکیۆمێنتی گرنگی تری مێژوویی ڕۆژنامەگەریی کوردیش دەکرێت لە سەردەمی ئینگلیزدا، کە مامۆستا تۆفیق وەهبی لەگەڵ خۆیدا لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو بردوویەتی بۆ لەندەن و پاش مردنی هەموو ئەو دۆکیۆمێنت و دەستنووسانە، حکومەتی بەریتانی دەستی بەسەردا گرتوون، ئەوەش لە کتێبخانەی بەریتانی پارێزراوە. ئەمە جگە لەوەی باس لە دەیان نامە و دەستنووس و شیعر و بەڵگەنامەی شۆڕشی سەید ڕەزای دەرسیم و قازی محەمەد و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموود و سەروەتێکی مەزنی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی لەو کتێبخانەیە دەکرێت. لای من لەمانە گرنگتر کە دەمویست سۆراغی دوو چیرۆکی کوردی بکەم، کە باس لە چیرۆکی کوردی دەکرێت، ئاماژە بە ناوەکانیان دەکرێت، بەڵام هەردووکیان بە ناتەواوی ماونەتەوە، یەکێکیان کۆتاییەکەی نییە و ئەوی تریشیان سەرەتاکەی.! کە ئەوانیش چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل سائیب و (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەدموختار جافە".(٢٨)

کامەران سوبحان لە بەدواداچوونێکی دیکەدا دەنووسێت: "ئەم چیرۆکە ئەوەی زانراوە سێ جار نووسراوەتەوە، دانەیەکیان لە کتێبخانەی ماڵی پاشا بووە و دووەمیان لای عەلی کەمال باپیر ئاغا، سێیەمیان لای (عەبدولکەریم فوئاد) دڵنیام چەندان دەستنووسی تر هەن و نەگەیشتوونەتە لای ئێمە".(٢٩)

سەرجەم ئەو بۆچوونانەی باس لە ناتەواوی دەستنووسەکە دەکەن، گومانن و هیچیان بە بەڵگە نایسەلمێنن کە دەستنووسەکە ناتەواوە، ڕاستییەکەی من باوەڕم بە بۆچوونەکەی دکتۆر ئیحسان فوئادە کە پێی وایە ڕۆمانەکە هەر ئەوەندەیە و تەواو بووە، ئەویش لەبەر دوو هۆی سەرەکی، یەکەم: عەلی کەمال باپیر خۆی دەستنووسەکەی نووسیوەتەوە و دڵنیایی دەدات کە هەر ئەوەندەیە. دووەمیش: لەناو ئەو هەموو باسی گەندەڵی و خراپەکاری و نادادوەرییە، ڕۆمانەکە بە ڕستەیەکی ئومێدبەخش کۆتایی دێت: "ئومێدمان وایە و بە تەحقیق دەزانین کە حەقی مەزڵووم لە زاڵم دەسێنێ...". دەشێ نووسەر بە مەبەست و وەک بەخشینی ئومێد، کۆتایی ڕۆمانەکەی بەم ڕستەیە هێنابێ.

## ڕامانێک لە دەقی مەسەلەی ویژدان

دیارە تا ئەو کاتەی جەمیل سائیب، چیرۆکی (لە خەوما) و ئەحمەدموختار جاف (مەسەلەی ویژدان) دەنووسن، زمانی ئەدەبی کوردی تەنیا شیعر بووە. بۆیە لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان)، هەست دەکەم ئەحمەدموختار جاف ویستوویەتی هەرچی ڕووداو و پرس و بابەتی ئەو کاتەی لە دڵدایە، هەمووی تێکڕا بئاخنێتە چیرۆکەکەی، بۆیەش بابەتەکانی ئەم ڕۆمانە هەم زۆر و جۆراوجۆرن و هەم هەندێک جار تووشی (دژیەکی)یش بووە (کە دواتر باسی دەکەین)، تەنانەت ئەو باس و بابەتانەی لە ڕۆمانەکەدا هاتوون، هەمان ئەو بابەتانەن کە ئەحمەدموختار جاف لە شیعرەکانیدا کاری لەسەر کردوون، بۆ نموونە: دەتوانین بڵێین خاڵێکی سەرەکی ڕۆمانەکە، هاندانی خەڵکە بۆ خوێندن و خۆشویستنی نەتەوە و نیشتمانی خۆیان، لە

شیعرەکانیشدا ئەم تەوەرانە بە زەقی دەبینرێن، بۆ نموونە:

**جاهیلان بۆ ئیستفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو**
**لەم موحیتە مەنعی عیلم و سەنعەت و عیرفان ئەکەن**
**ڕووڕەشی دنیا و قیامەت ئەو نەفامانەن کەوا**
**هەجووی قەوم و میللەتی خۆیان بە پارە و نان ئەکەن**(٣٠)

یان:

**غەیری مەکتەب بۆ تەداویی ئێمە هیچ دەرمان نییە**
**هیچ سیلاح چاتر لە عیلم و سینعەت و عیرفان نییە**(٣١)

بە گشتی خاڵێکی گرنگ بە لای منەوە لەبارەی ئەحمەدموختار جاف و چیرۆکەکەی ئەوەیە کە هەم خۆی بەگزادە بووە و هەم پلەوپایەی حکومیشی هەبووە، قایمقام (ڕەئیسی قەزا) و دواتریش بووەتە ئەندامی پەرلەمانی ئێراق و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بەگ و سەردار بووە، کەچی زۆرترین ڕەخنەی لە دەسەڵاتی بەگ و دەسەڵاتدارانی میری و خراپەکاری و گەندەڵییەکانیان گرتووە، ئەمەش خاڵێکی گەشاوەی ژیانی ئەحمەدموختار جاف بووە، کە پلەوپایە کاری تێنەکردووە و لووتبەرز نەبووە، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ خەم و ئازاری خەڵکی هەژار بووە.

ئەم ڕۆمانە بە شێوازی گێڕانەوەیەکی زۆر سادە و ساکار نووسراوە، کەسی یەکەمی تاک، کە هەر خۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و کردەوە باش و خراپەکان هەر لە لایەن خۆیەوە ئەنجام دەدرێن، ئەمەش بە بۆچوونی من هۆکارەکەی ئەوەیە کە دیارە هیچ تەکنیکێکی دیکە نەبووە، یان تەنیا ئەم جۆرە گێڕانەوە و گێرانەوە لە ڕێگای کەسی سێیەمی ئاگادار بە هەموو شتێک باو بووە، وەک لە داستان و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان هەیە و ئەحمەدموختار ویستوویەتی بەم شێوە گێڕانەوەیە، چیرۆکەکەی لە داستان و حیکایەتی فۆلکلۆری جیا بکاتەوە کە بەزۆری لە ڕێگای کەسی سێیەم دەگێڕدرێنەوە.

لە لایەکی دیکەوە ویستوویەتی لە ڕێگای خۆیەوە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە و خۆی بکاتە نوێنەری خراپییەکان، بۆ ئەوەی خوێنەر وا هەست نەکات کە ئەو وەک کەسێکی بەناوبانگ و دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار، خۆی لە کەموکورییەکان دەبوێرێ، بە تایبەتیش کە ئەم ڕۆمانە، سەرەتای ئەم جۆرە نووسینە بووە.

وەک گوتمان، دەڵێی ئەحمەدموختار جاف ویستوویەتی هەرچی بابەت هەیە لەم ڕۆمانەدا باسی بکات، بۆیەش ئەو بابەتانەی لەم ڕۆمانەدا باس دەکرێن، دەکرێ لە سەردەمی ئێستا ببنە بابەت و تەوەری چەندان ڕۆمان و چیرۆکی جیاواز، لێرەدا بەگشتی هەم تەوەرەکانی ئەم ڕۆمانە دەخەینەڕوو، هەم ئەو سەرنج و تێبینیانەش دەخەینەڕوو کە لە هەر شوێنێکی ڕۆمانەکە هەمانبێ.

پاڵەوانی چیرۆکەکە یەک کەسە و نووسەریش ویستوویەتی هەموو پەیامەکانی بگەیەنێت، بۆیە ئەم کارەکتەرە لەسەرەتادا وەک ڕێنماییکەر و چاکسازێکی کۆمەڵگا دەردەکەوێت، بەڵام دواتر بە ئاسانی دەگۆڕێت بە کەسێکی خراپ و قۆڵبڕ و دز، لە کەسێکی بێ دایک و باوک و شاگردییەوە، دەبێتە پلەدار و تا دەگاتە ڕەئیسی قەزا (قایمقام) و هەوڵیش دەدات پلەی بەرزتر بێتەوە: "تەعین کرام و موباشەرەتم بە وەزیفە کرد، ئەمجا دەست لە من و قووەت لە خودا، دەستم کرد بە ئەهالی ڕووتاندنەوە...".(٣٢)

دەتوانین پرس و بابەتەکانی ڕۆمانەکە بەم شێوەیە دابەش بکەین و بیانخەینەڕوو:

* پرسی فرتوفێڵ و دەستبڕینی خەڵک لە نێوان یەکتر و لە نێوان ئەو کەسانەش کە پلەدار و دەستڕۆیشتوون و چەوسانەوەی هەژار و نەداران، باسێکی سەرەکی ئەم ڕۆمانەیە. نووسەر بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بخاتەڕوو، لە ڕێگای کارەکتەرە سەرەکییەکەوە کە سەرەتا لای وەستایەک دەبێتە شاگرد، بەو پرسیارە دەست پێدەکات: "وەستا ئایا بە شەریعەت غەلوغەش کردن لە تیجارەتا حەڵاڵە؟...ل١٦". دیارە ئەمە پرسیارێکی زۆر ڕاستەوخۆیە و لە هەر کەسێکی بکەی بە (نەخێر) وەڵام دەداتەوە، ئەمەش یەکێکە لە سادەییەکانی ئەم ڕۆمانە، کە لە زۆر شوێنی دیکەی ڕۆمانەکە بەدیار دەکەوێ، بەڵام نووسەر ئەوەندەی ویستوویەتی پەیامەکەی بگەیەنێ، ئەوەندە پەیوەست نەبووە بە ئاستی ڕووداو و زمانی گفتوگۆکان و پێگەی کەسایەتییەکان.

هەر سەبارەت بە غەلوغەش دەنووسێت: "چووم بووم بە پیاوی تیجارێ کە هەقیقەت بە زاهیر پیاوێکی باش بوو، هیچ وەقتێ نوێژ و ڕۆژووی نەئەفەوتاند و هەمیشە

مەشغوولی ویرد خوێندن بوو، ئەمما ئەو گەزە کە کوتاڵی پێ ئەفرۆشت، لە گەزی خەڵقی کورتتر بوو و هەر وەقتێ معامەلەی تووتن یا شتێکی تری لەگەڵ فەقیرێک بکردایە، تێ ئەفکریم خەریکە بە تەواوی مەحوی بکاتەوە و کەماڵی بێ ویژدانیی و بێ ئینسافیی سەرف ئەکرد...ل٢٠".

لە شوێنێکی دیکە دەنووسێت: "مەعلووم بوو کە سەداقەت خیانەتە و خیانەت سەعادەتە...ل٢٣".

یان: "من هەقم چییە، هەرئەوەندە خۆم تەقدیر بکرێم، ئیتر با هەزار فەقیر بمرێ...ل٤٢".

واتا پرسی فرتوفێڵ و سەرکەوتن بەسەر پشتی خەڵک، تەوەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە.

* تەوەرێکی دیکەی ڕۆمانەکە باسی دەردی نەخوێندەواری و پابەندبوونی خەڵک بە دابونەریتی خراپی کۆنە و ڕەخنە لەوانە دەگرێت: "موتەئەسیر بووم لەم تەقلیداتە کە ئەوەندە لە مێشکماندا جێگیر بووە کە تەرجیحی نەخوێندەواری بەسەر خوێندەواریدا ئەکەین...ل١٨".

یان: "قوربان ئەقڵی باوک و باپیرمان بۆ زەمانی خۆیان باش بوو، بەکاری ئێستا نایەت...ل٢٦".

لەمەشەوە دەیەوێ پەیامێک بداتە کۆمەڵگا لە دژی نەخوێندەواری و دابونەریتی کۆن، بەتایبەتیش ئەو دابونەریتانەی بەکەڵکی سەردەمانی دواتر نایەن.

* ترسانی پیاو لە ژن و بە پێچەوانەوە: "دیقەتم کرد وەستاژن بە دەرەجەیەک حوکمی بەسەر وەستامدا هەیە، فەوقی تەسەور ناکرێ (...) لەبەر ئەمە کە سەروەتی کەم و مەسرەفی زۆر بوو فەقیرە مەجبوور بوو، سبحەینێ کە ئەچوو بۆ دووکان، ئەنواعی ساختەکاری و بێویژدانیی ئەکرد...ل١٨".

بەڵام لە شوێنێکی دیکەی دوای ئەوە، باسی هەمان وەستا و وەستاژن بەم جۆرە دەکات: "بەعزەن وەستام لە وەستاژنم عاجز ئەبوو، هەزار قسەی پێ ئەوت کە ئینسان بۆ هیچ کەسێ ئیستیعمالی ناکات، وەپێی ئەوت: (من تۆ لە سەگ بە کەمتر ئەزانم، هەر زۆر قسە بکەی تەڵاقت ئەدەم)، تەعەجووبم ئەکرد کە بەم هەموو ئیتاعەتەوە ئەم هەموو تەحقیراتە بێ مەعنایە، مەعنای چییە؟...ل١٩".

تێبینی دەکرێت لێرەدا، نووسەر لەپێناو ئەوەی دوو پەیام لە ڕووبەرێکی کەم و بچووکدا بگەیەنێ، تووشی (دژیەکی-تناقض) بووە، چونکە ناکرێ هەمان ئەو وەستایەی لە ترسی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژنەکەی "ئەنواعی ساختەکاری و بێویژدانی" بکات، کەچی هەمان وەستا، لە شوێنێکی دیکە ژنەکەی بە "کەمتر لە سەگ" بچوێنێ و حیسابی بۆ نەکات. دیارە لێرەدا نووسەر ویستوویەتی لە لایەک لە ڕێگای باڵادەستی ژنەکە بەسەر پیاوەکە، باسی زیادەڕۆیی لە مەسرەف و مافی پیاو بەسەر ژنەکەی بکات و لەلایەکی دیکەش باسی ئەوە بکات کە لەم کۆمەڵگایەدا ئافرەت ڕێزی لێ ناگیرێ و سەرەڕای (ئیتاعەت)ی زۆری بۆ پیاو، هێشتا پیاو بە کەم لە ئافرەت دەڕوانێ، ویستوویەتی ئەم دوو پەیامەش لە ڕێگای یەک ژن و مێردەوە بگەیەنێت کە ئەمەش نابێت، چونکە دوو پەیامی دژیەکن و لەیەک کەس کۆنابنەوە.

* ڕەخنە لە پیسی و ڕەچاونەکردنی پاکوخاوێنی و تەندروستی دەگرێت و دەنووسێت: "حەوشەکەیان پڕ لە پیسی و حەوزەکەیان بۆگەن، مەنجەڵەکانیان هەموو ژەنگاوی بوو، بەعزەن ئەمدی فەقیانەی ئەو کراسە جوانەی، وەستاژنم لووتی پێ ئەسڕی...ل١٩".

* باسی ئەو کەسانە دەکات کە پشت بە شێخ و گۆڕی پیاوچاکان دەبەستن و بڕوایان بە پزیشک و زانست نییە، لەم ڕێگایەوە دەیەوێ خەڵک لە خورافیاتەکان هۆشیار بکاتەوە و گرنگی زانستی نوێ و پزیشکییان بۆ دەربخات: "ئەم قسانە دکتۆرەکان و مەکتەبلییەکان کە کافرن وتویانە وەئیللا بۆ هەموو نەخۆشییەک، دوعایەک، یان شەخسێک هەیە...ل١٩".

* ڕەخنە لە نەبوونی بیری بازرگانی و زاڵبوونی بیری کۆنی دواکەوتوویی دەگرێت و دەڵێت: "ئەگەر ئێوە کە تیجارێکی دەوڵەمەندن، ئیتیفاق بکەن، وە قومپانییەک تەشکیل بکەن، وە لە تەڕەف ئەو قومپانییەی خۆتانەوە، دوو کەس لەو شارە بە وەکالەت دابنێن، بۆ عمومتان تووتن بفرۆشێت، ماکینە جەلب بکەن و قیسمێ لەو تووتنە بکەن بە پاکەت، ئەو قازانجە بۆ خۆتان بێت باشتر نییە؟...ل٢٦"

* ڕەخنەگرتن لە نەبوونی بیری برەودان بە گەشتوگوزار: "بۆچی شوێنێ هێندە باخ و گوڵزاری تیادابێ، وە لە جەمالی تەبیعەتدا وەک بەهەشت بێ، کەچی وا بێ قەدر و قیمەت سەیر بکرێت...ل٢٧".

* ڕەخنە لە یاسا بە گشتی و یاسای عەشایر دەگرێت کە ئەوکاتە پەیڕەوی لێ کراوە "...ل٢٨" و پێی وایە دەبێ کار بە یاسای مەدەنی بکرێ و لەلایەن دەوڵەتەوە قۆناغی عەشایری و خێڵەکی تێپەڕێنرێ.

* دوای ئەوەی زۆرابی پاڵەوان و کەسایەتی سەرەکی، وەک ڕێنماییکەر و کەسێکی باش دەردەکەوێت، لەناکاو بە تەواوی دەگۆڕێت و دەبێتە کەسێکی بێویژدان و خۆپەرست و دەست دەکات بە درۆ و دەلەسە لەپێناوی گەیشتن بە پلە و پایە: "ئەمما لەبەر ئەوە وەزعی موحیت وای تەقازی ئەکرد کە هەموو شەخس سەعادەتی خۆی لە فەلاکەتی هاوجینس و هاوزمانی خۆیدا ئەبینێ، منیش سەرفی نەزەرم کرد لە ویژدان...ل٣١".

* ڕەخنە لە تێنەگەیشتنی خەڵک لە ئایین و خراپ تێگەیشتن لە ئایین دەگرێ، زۆراب لەسەر ئەوەی بە مەلا دەڵێ بۆچی قورئان و فەرموودە بە کوردی بە خەڵک ناڵێی و بە خەڵکەکە دەڵێت کە مادام لەو قورئان و فەرموودەیە تێناگەن بۆچی دەگرین؟!! کافر دەکرێ و خەڵک پەلاماری دەدەن، دواتر تەوبەی پێ دەکەن و دەیکەنەوە موسوڵمان: "...ل٣٤".

* ڕەخنە لە حکوومەت و لە دەسەڵاتداران دەگرێت لەوەی کە کەسی شیاو بەپێی لێهاتوویی خۆی لە شوێنی شیاو دانانرێت: "واسیتەی تەرەقیی ئەم زەمانە، ناراستی و نەخوێندەواری و ساحێب پارەییە...ل٣٧". دواتر باسی ئەوە دەکات کە (مەئمووری تەحقیقات)، واتا چاودێری لێپرسینەوە دێت و هەندێ لە پلەدارەکانی خوارەوە لە کار دوور دەخاتەوە، بەڵام ئەوانەی پلەی باڵایان هەیە و دەستی سەرەکییان لە خراپەکارییەکاندا هەیە، لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە، ئەمەش دیسان ڕەخنەگرتنە لەوەی کە لێپێچینەوە، تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پشت ئەستوور نین و پلەیان زۆر باڵا نییە و فەرمانبەر و مووچەخۆری ئاسایین و لێپرسراوە گەورەکان ناگرێتەوە و ئەوان لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە.

* ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت کە باسی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم دەکەن و لە ڕێگای ئەم بیروباوەڕانەوە خەریکی خۆپێگەیاندن و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکن: "قەرارم دا کە مەسەلەی میللەت بگرم بە دەستەوە و خۆم بکەم بە وەتەنی...ل٣٨". "لە هەرکوێ دائەنیشتم، دەستم ئەکرد بە باسی وەتەن و ئیستیقلالییەت وە لەزەتی سەربەستی و ئازادی...ل٣٩".

* ڕەخنە لەو بەرپرسانە دەگرێت کە دوای ئەوەی پلەیەکیان پێ دەدرێت، هەموو شتێکی پلەدارەکەی پێش خۆیان ڕەت دەکەنەوە و دژی دەوەستنەوە، کاتێ دەبێتە ڕەئیسی قەزا: "بەبێ ئەوەی چاوم کەوتبێ بە ڕەئیسی پێشوو، بەبێ ئەوە بیناسم، لەخۆمەوە قینم لێ هەڵگرتبوو، ئەم پرۆگرامەم بۆ خۆم دانابوو کە هەرچی ئەو کردبووی، بە عەکسی ئەو معامەلە بکەم...ل٤٠".

* باسی تریاککێشان و بەنگکێشان و مەیخواردنەوە دەکات و بە کارێکی خراپی دادەنێت و دەنووسێت: "فیکرمان لەوە ئەکردەوە کە بۆچی خۆیان موبتەلا کردبوو بە ئیستعمالی ئەو زەهرە کە حەیاتی عەزیزی ئەوانی مەحوو کردبووەوە...ل٤٣". "ئەڵبەتە شتێک کە ئەقڵ زایل بکا نەتیجەی، هەروەها ئەبێت...ل٤٤".

* دەرەبەگەکان هەمیشە دژی ئەوە بوونە خەڵک خوێندەوار و تێگەیشتوو بێت و واتێگەیشتوون کە جێگەی ئەوان دەگرنەوە، ئەمەش باسێکی دیکەی ڕۆمانەکەیە: "هەر وەقت چاوم بکەوتایە بە منداڵێکی مەکتەبلی کە ئەگەر ئەولادی خۆشم بوایە حەزم ئەکرد بیکوژم، چونکە وەهام موازەنە کردبوو کە ئەگەر ئەوانە گەورە بن، وەزیفە دەست ئێمە ناکەوێت...ل٤١".

* لە ڕێگای دەروێشێکەوە باسی تەسەوف و دنیاویستی دەکات، هەرچەندە باسی ئەوە دەکات کە قسەکانی دەروێشەکە کاریگەری زۆری لەسەری هەبووە: "بەیاناتی دەروێش کاریگەرییەکی گەورەی کرد لە دڵمدا...ل٤٦"، بەڵام بچووکترین شتی تێدا نەگۆڕیوە و وای نەکردووە ببێتە کەسێکی چاکەخواز، بۆیە من پێم وایە لێرەدا ئەوەندەی ویستوویەتی باسی دەروێشی و سۆفیگەری بکات و وەک بابەتێک بیخاتە ناو ڕۆمانەکەی، ئەوەندە مەبەستی ئەوە نەبووە کە ڕامان و بینینی دەروێشەکە وەک ڕووداو بخاتەڕوو.

* باسکردنی لە ڕۆژئاوا، هەم ئەوە بەدەردەخات کە کەسێک بووە ئاگای لە دنیای دەرەوە هەبووە و هەم ویستوویەتی بیکاتە بابەتێکی دیکەی ڕۆمانەکەی: "چونکە هەروەک ئەوسا لە غەرب قاعیدە بوو، هەر کەس ئەرزییەک یا موڵکێکی نەبوایە ناوی (کۆنت)ی نەئەدرایە...ل٤٧".

* باسی دەستدرێژیکردنە سەر موڵکی خەڵک: "ئەو

مولّکانەی کە بووم، حدوودیان نەختێ کەم بوو، دەستم کرد بە تەعرووزکردن بە مولّکی ئەو کەسانەی کە نزیکم بوون...ل٤٩".

* لە شوێنێکدا باسی گفتوگۆی نێوان دوو منداڵ دەکات کە لەبارەی دەسەڵاتی خوا و دەسەڵاتی ڕەئیسی قەزا گفتوگۆ دەکەن، یەکێک لە منداڵەکان دەپرسێت: تۆ ئەزانی خوا کێیە؟ ئەوی تر وەڵام دەداتەوە: تۆ قسەی قۆڕ ئەکەی، چۆن نازانم؟ دیارە خودا ڕەئیسی قەزا زۆراب ئەفەندییە. "ل٤٩-٥٠".

دواتر منداڵەکەی یەکەم بە جۆرێک باسی دۆخەکە بۆ منداڵی دووەم دەکات، کە بە هیچ شێوەیەک لە ئاستی عەقڵ و بیرکردنەوەی منداڵێکی لەو تەمەنەدا نییە کە وەک خۆیان دەڵێن: ئێمە تازە چووینە مەکتەب، یان زۆرابەفەندی دەڵێت: "ئەم شەیتانانە تازە چوونەتە مەکتەب...ل٥١"، بۆ نموونە هەندێ قسەی ئەو منداڵە بەم جۆرەیە: "برای خۆم، تۆ بۆچی خۆت شێت کردووە، خودا فەوقی هەموو عالەمە، نیهایەت ئەم زۆراب ئەفەندییە مەئموورێکە لە تەڕەف حکوومەتی خۆیەوە تەعین کراوە، قانوونێکی دراوەتە دەست مەعامەلەی پێ بکات، ئەمما چونکە لە موحیتی ئێمە قانوونەکە بە زوبانی خۆیان نییە، وە لە مەعنای نازانن، وەیاخود خوێن لە وجوودیاندا نییە، وە لە تەڵەبی هەقی خۆیان عاجزن، هەزار زوڵم و زۆر بکات، کەس دەنگ ناکات، لەبەرئەوەشە ئەوانەی کە بێ عەقڵن بە خودای خۆی ئەزانن، ئەگەر ئەو کابرایە کە تۆ بە خودای ئەزانی، لە بەعزە مەملەکەتی موتەمەدیندا بێ، حەتا حەماڵیشی دەست ناکەوێت...ل٥٠".

دیارە ئەمانە نەک قسە و بیرکردنەوەی منداڵێک نین کە تازە چووبنە قوتابخانە، بەتایبەتیش لە قەزایەکی دووردەستدا، بەڵکو قسەی هەموو کەسێکی گەورەش نین، کە بەو جۆرە باسی دەسەڵاتی ڕەئیسی قەزا و قانوون و دەسەڵاتی خوا و مەملەکەتی موتەمەدین بکەن، ئاشکرایە ئەوەی ئەم جۆرە قسانە بکات، دەبێ کەسێکی خاوەن مەعریفە و تێگەیشتوو بێت، لێرەشەوە دیسان ئەحمەدموختار بۆ ئەوەی باسی ئەو بابەتانە بکات، تووشی دژیەکی بووە و نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز بکات و جگە لە منداڵ، ڕێگای دیکە بدۆزێتەوە بۆ باسکردنیان.

* ڕەخنەگرتن لە دیاردەیەکی ناشیرینی بەخشینی ژن لە جیاتی خوێن، وەک باسی دەکات کە شەڕ لە نێوان دوو عەشیرەت بووە و دەیانەوێ ژن بەرانبەر خوێنی کوژراوەکانیان بدەن، بێ ئەوەی کچ و کوڕەکان یەکتریان دیتبێ: "خۆم گوێم لێ بوو کچەکانی ئەم عەشیرەتە هاواریان ئەکرد، ئەیانوت: بۆ خاتری خودا ئێمە ئەوانە ناناسین کە ئێمەتان داوە بە ئەوان، هەتا ئێستا نەماندیون، ئێمە خۆ کەسمان نەکوشتووە، کە مەسئول بین و دڵی قەوم و خوێشیان شاد و مەمنوون بکەین. خوا هەڵناگرێ یەکێکی تر قەتڵی کردووە، یەکێکی تر کوژراوە، ئێمە بۆچی بکەوینە عەزابەوە؟ ئیحتیمال ئێمە دڵمان تەعەلوقی بە شەخسێکی کەوە بێت، بۆچی ئێوە سەرمایەی حەیات و ژیانی ئێمە مەحوو ئەکەنەوە؟...ل٥٤".

دیسان ئەو پرسیارە خۆی قووت دەکاتەوە کە ئایا لە کۆمەڵگایەکی وا دواکەوتوودا کە ئافرەت مافی پێشێل کراوە و ڕێگای پێ نەدراوە بە ئارەزووی خۆی قسە و هەڵسوکەوت بکات و تەنانەت هاوژینەکەشی هەڵبژێرێ، چۆن دەتوانێ بەو بوێرییەوە قسە بکات و باسی ئەوە بکات کە دڵیان تەعەللوقی یەکێکی ترە؟! گوزارشتی "خۆم گوێم لێ بوو"، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ئافرەتانە زۆر ڕاشکاوانە قسەکانیان کردووە و ناڕەزاییان لە بڕیاری عەشیرەتەکەیان دەربڕیوە و باسی ئەوەیان کردووە ڕەنگە کەسانێکی دیکەیان خۆش بووێت، بێ گومان ئافرەتانی ئەم کۆمەڵگایە نەدەوێران بەو ڕاشکاوی و بوێرییەوە ئەم قسانە بکەن، بەڵام نووسەر ویستوویەتی خەمی ئافرەتانی کۆمەڵگاکەی بخاتەڕوو، بۆیەش جارێکی دیکە تووشی ئەم دژیەکییە بووە.

* لە شوێنێکدا کە باسی ئەوە دەکات بووەتە عەرزوحاڵچی (عەریزەنووس)، گوایە هەڵەیەکی کردووە، دەنووسێت: "لەجیاتی ئەوەی کە بنووسم: حەیوانەکانم ژمارە کراون و دوو جار قۆچانیان بۆ بڕاوە، مەغدوورم. نووسیبووم: من دوو تاقم حەیوانم هەیە و هەر تەنیا تاقمێکی ژمارە کراوە، ئیستیرحام ئەکەم، ڕەفعی مەغدوورییەتم بفەرموون...ل٢٨".

هەمیشە نیشاندانی هەڵە لە نووسین و ڕێنووسدا، لە ڕێگای ناوەرۆکێکی هەڵەوە نابێت، بەڵکو لە ڕێگای دوو وشە، یان دوو ڕستەی هاوشێوە و نزیک لە یەک

دەبێت، نەک ئەوەی ڕستەکان ئەوەندە لە یەک دوور بن کـە تەواو دژی یەک بن، بۆ نموونە دەکرێ هەڵە بەهۆی نەکـردنی خـاڵێک، یان گـۆڕین و لادان و زیادکـردنی پیتێکەوە بێت، بەڵام هیچ کەسێک بەو زەقییەوە هەڵە ناکـات، تۆ تەمـاشـای هەردوو ڕسـتـەکـە بکە چەندە لە یەک دوورن، کابرا پێی گوتووە بنووسێت:

"حەیوانەکـانم ژمـارە کـراون و دوو جـار قـۆچانیـان بۆ براوە، مەغدوورم".

گوایە ئەو بە هەڵە نووسیویەتی:

"من دوو تاقم حەیوانم هەیە و هەر تەنیـا تاقـمێکی ژمارە کراوە، ئیستیرحام ئەکەم، ڕەفعی مەغدووربیەتم بفەرموون".

کـەواتە لێـرەدا نووسـەر ئەوەندەی ویسـتـوویەتی بیـانووییەک بدۆزێتـەوە بۆ ئەوەی ڕەوتی ڕووداوەکـان بەو ئاراستەیەدا ببات کە خۆی و چیرۆکەکەی دەیانەوێت، ئەوەندە بایەخی بە لۆژیکیـیـەتی ئیـشـەکـە نەداوە و تووشی ئەم سادەنووسییە بووە.

لە باسکردنی ئەو هەمـوو بابەتانە و هێنانەوەی نموونە لەناو ڕۆمـانەکەدا، مـەبەسـتـمـان ئەوە بووە کە بڵێین لە ڕۆمـانێکی بچـووکی چل لاپەڕەیی (ئەگـەر پێشـەکی و پاشەکییـەکەی دکتـۆر ئیحسـان فوئادی لێ دەرکەی)، ئەحمـەدموختار جاف هەوڵی داوە هەمـوو ئەو کێشە و بارودۆخانەی لە کۆمەڵگاکەی هەبووە بخاتەڕوو، بۆیەش تووشی گوشارێکی زۆر بووە و لە هەندێ شوێنیش وەک ئاماژەمان پێ دا تووشی دژیەکی بووە، ڕەنگە هەر ئەمە وای کـردبێ کـە ڕۆشنبیـر و نووسـەرانی سـەردەمـەکـەی ڕۆمانەکەیان بە دڵ نەبووبێ (وەک دکتـۆر ئیحسان فوئاد لە پێـشـەکـیـیـەکـەی دەڵێ) بەم هۆیەشـەوە ئەوکـات ڕۆمانەکەی بڵاونەکردووەتەوە.

لەنـاو ئەو هەمـوو خـەم و ئـازار و نـادادوەری و فرتوفێڵەی کە لە تێکڕای ڕۆمانەکەشدا باس کراوە، پێم وایە ڕسـتـەی کـۆتایی ڕۆمـانەکـە، ڕسـتـەیەکـە دەبێـتـە خاڵێکی جیاکەرەوەی تەواو لەو دۆخەی ڕۆمانەکە باسی دەکـات و دەیەوێ هیـوا و ئومـێـدێک بخـاتەوە بەردەم کۆمەڵگا و میللەتەکەی: "ئومێدمان وایە و بە تەحقیق ئەزانین کە حەقی مەزڵووم لە زاڵم دەسێنی...ل٥٤".

بۆیە من بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە پێیان وایە ڕۆمانەکە تەواو نییە، وا دەزانم ڕۆمانەکە لێرەدا تەواو دەبێ و ئەحـمـەدمـوخـتـار جاف ویسـتـوویەتی بە خـوێنەر بڵـێـت، بـارودۆخ هەر چۆنێک بێت، دواجـار حـەق سـەردەکـەوێ، واشی دەبینم ئەحـمـەدمـوخـتـار جـاف بە مـەبەست و بۆ ئومـێـد و هیـوابەخشین ئەمـەی کـردبێـتـە دوارستەی ڕۆمانەکەی.

جـێـگەی سـەرنج و مـایەی خـەم و ئازارە کـە دوای تێـپـەڕینی نزیکەی نەوەد سـاڵ بەسـەر نووسـینی ئەم ڕۆمانە، هێشتا ئەو دیاردە دزێو و خراپەکاری و فرتوفێڵ و نادادپەروەرییانەی ڕۆمانەکە باسیان دەکات و ڕەخنەیان لێ دەگرێت، وەک خۆیان ماون و دەڵێی ڕۆمانەکە بۆ ئەم سەردەمە نووسراوە.

**ژێدەر و پەراوێز:**


**١- پوختەی ژیاننامەکەی لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

**- مێژووی ئەدەبی کوردی، (بەرگی پێنجەم)- دکتۆر مارف خەزنەدار، دەزگـای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، (٢٠١٠).**

**- مێـژووی ئەدەبی کـوردی- عـەلائەددین سـەجـادی، بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان) سنە، چاپی دووەم، (١٣٩٥)ی هەتاوی.**

**- دیوانی ئەحمەدموختار جاف- لێکدانەوە و پێشەکی: عـیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژار موکریانی، چاپی دووەم، (٢٠١٦).**

**٢- چیرۆکی هونەریی کوردی- حسەین عارف، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم (٢٠١١)، ل٣١.**

**٣- دیوانی ئەحمەدموختار جاف، ل٢٠.**

**٤- هەمان سەرچاوە، ل٢١.**

**٥- هەمان سەرچاوە، ل١٨١.**

**٦- مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی پێنجەم)، دکتۆر مارف خەزنەدار، ل٤٨٦.**

**٧- چیرۆکی هونەریی کوردی، ل٣١-٣٢.**

**٨- بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین (کتێبی دووەم، بەرگی دووەم)، نەوشیروان مستەفا ئەمین، دار العربیة للعلوم ناشرون، بیروت، (٢٠١٣)، ل٥٨.**

**٩- هەمان سەرچاوە. ل٥٨.**

**١٠- هەمان سەرچاوە. ل١٨٢.**

**١١- هەمان سەرچاوە. ل٨٦.**

**١٢- هەمان سەرچاوە. ل١٠٤.**

١٣- دیوانی ئەحمەدموختار جاف. ل٩٥.

١٤- هەمان سەرچاوە. ل١١١.

١٥- هەمان سەرچاوە. ل١١٤.

١٦- ساتێک پێش بیرچوونەوە- کامەران سوبحان، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم (٢٠١٦). ل١٣٣.

١٧- هەمان سەرچاوە. ل١٣٣

١٨- مالی پاشا: ماڵەکەی وەسمان پاشا و عادیلە خانمی باوک و دایکی ئەحمەدموختار جاف و تایەر بەگی جافە، لە هەڵەبجە بە ماڵی پاشا بەناوبانگ بووە.

١٩- ئاوێنەی ژینم- یادداشتەکانی شاکر فەتاح، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم (٢٠٠٣). ل٢١٠.

٢٠- ئەفراسیاب، کوڕی ئەحمەدموختار جافە.

٢١- دیوانی ئەحمەدموختار جاف. ل٤٧.

٢٢- ڕۆمانی کوردی، خوێندنەوە و پرسیار (بەشی یەکەم)- سابیر ڕەشید، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم (٢٠٠٧). ل٨.

٢٣- مەسەلەی ویژدان، یان چۆن بووم بە خانەدان- ئەحمەدموختار جاف، پێشەکی و لێکۆڵینەوە: دکتۆر ئیحسان فوئاد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم (٢٠٠٨). ل١٢.

٢٤- هەمان سەرچاوە. ل٥٥-٥٦.

٢٥- هەمان سەرچاوە. ٥٦-٥٧.

٢٦- دیوانی ئەحمەدموختار جاف. ل٤٦.

٢٧- چیرۆکی هونەریی کوردی. ل٢٥.

٢٨- گەڕان بۆ کۆتایی خەوێکی درێژ!- کامەران سوبحان، ماڵپەڕی ڕووداو (٢٠١٦/٣/١٤).

٢٩- بەسەرهاتە تەماوییەکانی مەسەلەی ویژدان- کامەران سوبحان، ماڵپەڕی ڕووداو (٢٠١٦/٣/٢٩).

٣٠- دیوانی ئەحمەدموختار جاف. ل١١٢.

٣١- هەمان سەرچاوە. ل٤٠.

٣٢- مەسەلەی ویژدان، یان چۆن بووم بە خانەدان. ل٣٦. لەمەبەدوا هەر لە شوێنی خۆی ئاماژە بە لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە دەکەم.

ناوی سەرچاوەکان:

١- مەسەلەی ویژدان، یان چۆن بووم بە خانەدان- ئەحمەدموختار جاف، پێشەکی و لێکۆڵینەوە: دکتۆر ئیحسان فوئاد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، (٢٠٠٨).

٢- مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی پێنجەم)- دکتۆر مارف خەزنەدار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، (٢٠١٠).

٣- مێژووی ئەدەبی کوردی عەلائەددین سەجادی، بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان) سنە، چاپی دووەم، (١٣٩٥)ی هەتاوی.

٤- دیوانی ئەحمەدموختار جاف- لێکدانەوە و پێشەکی: عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژار موکریانی، چاپی دووەم، (٢٠١٦).

٥- چیرۆکی هونەریی کوردی- حسەین عارف، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، (٢٠١١).

٦- بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین (کتێبی دووەم، بەرگی دووەم) و، نەوشیروان مستەفا ئەمین، دار العربية للعلوم ناشرون، بیروت، (٢٠١٣).

٧- ئاوێنەی ژینم- یادداشتەکانی شاکر فەتاح، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، (٢٠٠٣).

٨- ڕۆمانی کوردی، خوێندنەوە و پرسیار (بەشی یەکەم)، سابیر ڕەشید، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، (٢٠٠٧).

٩- ساتێک پێش بیرچوونەوە- کامەران سوبحان، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، (٢٠١٦).

١٠- گەڕان بۆ کۆتایی خەوێکی درێژ!- کامەران سوبحان، ماڵپەڕی ڕووداو (٢٠١٦/٣/١٤).

١١- بەسەرهاتە تەماوییەکانی مەسەلەی ویژدان- کامەران سوبحان، ماڵپەڕی ڕووداو (٢٠١٦/٣/٢٩).